# International Theatre Institute ITI
**World Organization for the Performing Arts**

ڕۆژی جیهانیی شانۆ ٢٠٢٥ - ٣١٢٧

ژیاننامەی تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆلۆس، گریک
دەرهێنەری شانۆ، مامۆستا، نووسەر، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری هونەریی
کۆمپانیای شانۆی ئاتیس، سرووشبەخشی ئۆلۆمپیکەکانی شانۆ و
سەرۆکی لیژنەی نێونەتەوەیی ئۆلۆمپیکەکانی شانۆ

**Kurdish (Translation)**

---

## ژیاننامەی تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆلۆس، گریک

وەرگێڕانی: ڕزگار حەمە ڕەشید

تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆلۆس، دەرهێنەری ناسراوی جیهانیی شانۆ، لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی ماکریگیاڵۆس، لە ناوچەی پیریای باکووری یۆنان لەدایکبووە. لە قوتابخانەی هونەری دراماتیکیی کۆستیس میشایلیدیس (ئەسینا، ١٩٦٥-١٩٦٧) ڕاهێنانی وەرگرتووە و خوێندنی لە گرووپی بەرلینێر (بەرلین، ١٩٧٣-١٩٧٦) تەواو کردووە، لە هەمان کاتدا وەک یاریدەدەری دەرهێنەر کاری کردووە، هاوڕێی هاینەر مۆلەر بووە، کە ڕاهێنەری بووە. هەروەها هاوڕێی مانفرێد ویکوێرس و ڕوس بێرگهاوس و ئێکێهارت شاڵیش بووە. لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٣ بەڕێوەبەری قوتابخانەی درامای شانۆی نیشتمانیی باکووری یۆنان بووە، لە ساڵی ١٩٨٥یشەوە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لە شاری دێلفی وەک بەڕێوەبەری هونەریی "کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکانی درامای کۆن" کاری کردووە، بانگهێشتی زۆرێک لە کەسایەتیە پێشەنگەکانی شانۆی نێونەتەوەیی کردووە. لە ٢٠٠٥ – ٢٠١١ دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری هونەریی کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکانی درامای کۆن بووە لە شاری سیکیۆن، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠ەوە ئەندامی دامەزرێنەری پەیمانگای نێونەتەوەیی شانۆی دەریای ناوەڕاستە (کە ١٨ وڵاتی دەریای ناوەڕاست لەخۆ دەگرێت).

لە ساڵی ١٩٨٥ەوە کە گرووپی شانۆی ئاتیس دامەزرا و ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ نۆبەرە نمایشی "باکای" یۆرپیدس دا، گۆڕانێکی ڕیشەیی لە شێوازی پێشکەشکردنی تراژیدیا یۆنانییە کۆنەکان دا درووستکرد، ئەویش بە ناساندنی بنەما جەستەییەکان و سرووتە یەکجار زۆرەکان.

تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆلۆس، بۆ ئاشکراکردنی نەبینراو و نەزانراوەکان، چەمکێکی شانۆیی داهێنا کە کار بە تەکنیکەکانی شاگەشکەیی دیۆنیزیی دەکات. ڕێبازەکەی ئەو گرنگیی بە ڕەهەندە تراژیدییەکان دەدات، دەنگ دەبەخشێتە شانۆیەک لە قووڵاییەکانەوە لەدایک بووبێت. ئەوەندە ڕێبازێکی نائاسابیە، دژی هەموو

پۆلێنکردنە ئەکادیمییەکان دەوەستێتەوە. ئەم میتۆدە بۆ تراژیدیا یۆنانییە کۆنەکان و دەقە شیعرییە ناڕێکەکانیش بەکاردەهێنێت. زیاتر لە چل ساڵە بە جیهاندا دەگەڕێ، بەردەوام بەدوای تێڕوانینەکانی مرۆڤ و مێژووەکەیاندا دەگەڕێ. مرۆڤدۆستێکە، سەرنجی خۆیی لەسەر بەریەککەوتن و پەیوەندیی لەگەڵ ئەویتر دا چڕکردۆتەوە، خۆی لەو بوارەدا دەبینێتەوە.

لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا شانۆی ئاتیس و تێرزۆپۆلۆس ٢٣٠٠ نمایشیان لە هەندێک لە ڤیستیڤاڵە بەناوبانگ و شانۆ نێونەتەوەییە بەناوبانگەکانی دەرەوەی یۆنان پێشکەش کردووە. لە یۆنانیش و لە دەرەوەی یۆنانیش کاری دەرهێنانی بۆ تراژیدیاکانی ئێسکیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆرپیدس و ئۆپێرا و هەروەها شانۆنامە هاوچەرخەکانی شانۆنووسە ئەوروپییە پێشەنگەکانی وەک برێخت و ستریندبێرگ و نووسەرانی هاوچەرخی یۆنانیی کردووە.

دوو لە نوێترین بەرهەمەکانی کە وەک بەرچاوترین دەرەنجامەکانی توێژینەوە و کارەکانی دەردەکەون بریتین لە: لە چاوەڕوانی گۆدۆ دا (بەرهەمهێنانی: شانۆی ئیمیلیا ڕۆماگنا/ شانۆی نەتەوەیی، دامەزراوەی شانۆی ناپۆلی بێلینی ، ئیتاڵیا، ٢٠٢٣) وەک نمایشێکی پێشەنگ و لە هەمان کاتدا تەواو بە ئەمەک بەرامبەر ڕەنگدانەوەی فەلسەفیی بێکێت لەبەرچاو گیرا. لە کاتێکدا بەرهەمی دووەیان، ئۆرێستیا لە نووسینی ئەسکیلۆس (بەرهەمهێنان: شانۆی نەتەوەیی یۆنان، ٢٠٢٤) تەواو وەک بەرهەمێکی مێژوویی چاوی لێدەکرێت، وەک سەرچاوەیەک بۆ نمایشکردنی تراژیدیای کۆن. ئەمەش بەهۆی ئەو گەڕانەوە نموونەییەوە بۆ  ڕۆڵی کۆرس لە نمایشەکەدا، هەروەها بەهۆی پەیوەندی نمایشەکە بە ئێستاوە.

تێرزۆپۆلۆس، بە ئامانجی چاندنی بنەماکانی پراکتیکی نواندن، شێوازێکی نواندنی ناوازەی هێناوەتە ئاراوە و گەشەی پێداوە کە لە زنجیرەیەک ڕاهێنانی جەستەیی و دەنگیی پێکدێت. ڕێباز و شێوازی کارکردنی ئەو لە تراژیدیا یۆنانییە کۆنەکاندا لە زیاتر لە سی ئەکادیمیا و پەیمانگای دراما و بەشی توێژینەوەی کلاسیکیی لە جیهاندا دەوترێتەوە. ئەم دەرهێنەرە، جگە لەوەی پرۆفیسۆری کارمەندی ئەکادیمیا و زانکۆ نێونەتەوەییەکانە، سەرپەرشتی چەندین وۆرک شۆپی کردووە و چەندین وانەی  لە سەرانسەری جیهاندا گوتۆتەوە. لە ساڵی ٢٠١٣ەوە سەرپەرشتی وۆرک شۆپێکی ساڵانە دەکات بەناوی "شێوازی تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆلۆس – گەڕانەوەی دیۆنیزۆس" وۆرکشۆپێکی نێونەتەوەیی هاوینەیە بۆ ئەکتەر و دەرهێنەرە گەنجەکان کە لە هەموو جیهانەوە بەشدار دەبن.

شێواز و کارەکانی تێرزۆپۆلۆس لەلایەن توێژەرانی ناوداری شانۆوە بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، لە هەمان کاتدا کتێبەکانی بە زمانەکانی یۆنانی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، چینی، تورکی، ڕووسی، پۆڵەندی، کۆری، ماندارین، ئیتاڵی، فەرەنسی، هەنگاری جۆرجایی، ئیسپانی و عەرەبی چاپکراون. کتێبی میتۆدەکەی بە ناوی "گەڕانەوەی دیۆنیزۆس" لە ساڵی ٢٠١٥دا چاپکراوە و لەو کاتەوە بۆ ١٥ زمان وەرگێڕدراوە. وەک ڕێزلێنان لە تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆلۆس، چەندین کۆنفرانس لە جیهان دا بەڕێوە چوون، نموونەی وڵاتانی وەک چین، پۆڵەندا، ئیتاڵیا، ڕووسیا، کۆلۆمبیا، ئەڵمانیا، یۆنان، نەمسا، ئیسپانیا، ئەمریکا و قوبرس.

ساڵی ١٩٩٤ لە شاری دێلفی لەلایەن لیژنەیەکی نێودەوڵەتییەوە بە سەرۆکایەتی تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆلۆس، ئۆڵۆمپیادی شانۆ دروستکرا. چەندین کەسایەتی ناوداریش وەک ئەندامانی دامەزرێنەر بەشدار بوون، لەوانە: تاداشی سوزوکی، هاینەر مۆلەر، ڕۆبەرت ویلسۆن، نوریا ئێسپەرت، یوری لیوبیمۆڤ و تۆنی هاریسۆن. لە ساڵی ١٩٩٣ تا ئەمڕۆ وەک سەرۆکی لیژنەی نێونەتەوەیی ئۆڵۆمپیادی شانۆ کار دەکات. لە ساڵی ١٩٩٥ وەک بەڕێوەبەری هونەریی یەکەمین ئۆڵۆمپیادی شانۆ لە شاری دێلفی (یۆنان) بە ناوی "بڕینی هەزار ساڵ"، بانگهێشتی چەندین نمایشی نێونەتەوەیی و هونەرمەندی بەرچاوی کرد. ساڵانی دواتری ئۆڵۆمپیادی شانۆ لەم شوێنانە بوو: ساڵی ١٩٩٩ لە شیزۆکا، یابان، ٢٠٠١ لە مۆسکۆ، ڕووسیا، ٢٠٠٦ لە ئەستەنبوڵ، تورکیا، ٢٠١٠ لە سیئۆل، کۆریای باشوور، ٢٠١٤ لە پەکین، چین، ٢٠١٦ لە ورۆکلاو، پۆڵەندا، ٢٠١٨ لە هیندستان (لە ١٧ شار لە سەرانسەری هیندستان)، ٢٠١٩ لە تۆگا، ژاپۆن و سانت پترسبۆرگ، ساڵی ٢٠٢٣ لە بودابێست، هەنگاریا.

وەک کەسایەتییەکی شانۆیی سەرکەوتوو  کە لە پای کارە هونەرییە ئیلهامبەخشەکانی و لەهەمان کاتدا لەپای برەودانی بە پەیوەندییە کەلتوورییەکان، ستایشی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێبڕاوە و  چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، لەوانە: خەڵاتی لۆرکا (ئیسپانیا، ١٩٨٦)، خەڵاتی ستانیسلاڤسکی بۆ باشترین دەرهێنان (ڕووسیا، ١٩٩٣)، خەڵاتی شانازیی شانۆی (تورکیا، ٢٠٠٦)، خەڵاتی باشترین دەرهێنان (فێستیڤاڵی نەتەوەکان، سیئۆل، ١٩٩٤)، باشترین کۆمەڵەی نواندن (پەکین، ٢٠١١)، خەڵاتی شانۆی نێونەتەوەیی یوری لیوبیمۆڤ (٢٠٢٠)،ڕێزۆشتنی سیبیو بۆ ئەستێرەی ناودار (سیبیو، ڕۆمانیا، ٢٠٢٤) و خەڵاتی گەورە شانۆ لەلایەن کۆمەڵەی هێلینیکی ڕەخنەگرانی شانۆ و هونەرەکانی نمایش(یۆنان، ٢٠٢٤).

زانیاری زیاتر لە: http://attistheatre.com/en/theodoros-terzopoulos/

Translated to Kurdish - Sorani by Rzgar Hama
Artistic Director of Sky Theatre Group